
# پەیکەری ئازدای..

# ئەوشازادەی بەملیۆنەها کەس گۆرانی بەسەرا دەڵێن !

**..ئەندازیار : تاریق فەقێ عەبدوڵا**





مەشخەل وەك سمبولێك بۆ ئازادی بەدیدی بارتهۆلدی

ئەو خاتوونە .. شازادە .... ئافرەتە جوانە كێیە كە مەشخەڵی بەدەستێكی هەڵگرتووە وبەدەستەكەی تریشی پەرتووكێك ... ئەو خانمە سەربلندە شكۆمەندە شەنگەبالآیە كێیە كە ملیۆنەها كەس گۆرانی بەسەرا دەلێن وشاعیران هۆنراوەی وەك گەردانەی مرواری بۆ دەهۆننەوە ...


ئەوە ئەو پەیكەری ئازادیەیە كە هونەرمەندی پەیكەرتاشی فەرەنسی فریدریك ئۆگستیە بارتهۆلدی دروستی كرد .. پەیكەری بەناوبانگی ئازادی ...كەلەدەروازەی شاری نیویۆرك دانراوە ولەرۆژی دروستكردنیەوە بۆتە یەكێكە لە پەیكەرە بەناوبانگەكانی جیهان و هێما وسونبلی جیهانییە بۆ ئازادی وسەربەخۆیی ...بارتهۆلدی زنجیری لێك پچڕێنراوی لەلای قولە پێی پەیكەرەوە بەكارهێناوە وەك هیمایەك بۆ خۆڕزگاركردن لەزۆردرای وستەم ،هاوكات تاجێكی حەوت ئەستوندەگی بەكارهێناوە وەك هیمایەك بۆ هەر حەوت كیشوەر وئۆقیانوسەكانی جیهان (( ئەمەش هەروەك لەئەفسانە یۆنانیەكاندا باو بووە)) ، پیكەری ئازادی پەرتوكێكی هەڵگرتووە كە دەستەواژەی (( 4 ی مانگی 7ی 1776 )) بەزمانی رۆمانی لەسەر نوسراوە ، ئەو رۆژەش بەرواری رۆژی جەژنی سەربەخۆیی وئازادی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكایە ، پەیكەرەكە واش دروست كراوە وەك ئەوەی بیەوێت هەنگاوبنێت بۆ پێشەوە ئەمەش بەومانایەی هەنگاونانە بۆ بەرەو ئازادی ،پەیكەری ئازادی مەشخەلێكی بەدەستەوەیە ئەمەشیان وەك هێمایەك بۆ ئازادی وبەوواتایەی كە ئازادی رۆشنكەرەوەی رەوتی ژیانە ،هەرلەمەشەوە ناوی فەرمی پەیكەرەكە بریتی ە لە (( پەیكەری ئازادی جیهان رووناك ( رۆشن ) دەكاتەوە )) .




وێنەی یەکەمی پەیکەرەکە لەسەرەتای دروستکردنیدا

پەیکەری ئازادی بەرزیەکەی 46 مەتر و پەردەی بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی فەرمی لەڕێکەوتی 28 ی ئۆکتۆبەری ( مانگی10 ) ساڵی 1884 لەسەر لادرا ، دوای ئەوەی لەوەرشەی کار لە پاریس تەواو بوو ، هەرلەوکاتە سەرۆکی ئەمەریکای ئەو سەردەمە (( جرۆفەر کلیفیلاند )) بڕیاری دا وەك نوێنەری گەلی ئەمەریکا ئەم دیاریە لەوولاتی فەرەنسا قبول بکات ئەمەش وەك دەربڕینێك بۆ ئەو هاواڵییەتیەی کەلەنێوان هەردووگەلی فەرەنسا وئەمەریکادا هەیە ، ئەوەی مایەی سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە کەدەبوایە (( گریمانەی ئەوە هەبوو )) لەدەروازەی کەناڵی سوێسی میسری بێت نەك لەدەروازەی شاری نیویۆرك لەئەمەریکا ، ئەمەش کاتێك ئەو گریمانەیە هاتە ئاراوە کە پەیکەرتاش بارتهۆلدی کەخۆی لەدایك بووی هەرێمی (( ئەلزاس )) ە کەدەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای فەرنسای ساڵی 1834 سەردانی میسری کرد لەساڵی 1856 و زۆر سەری سوڕما بەکارەمەزنەکانی پێشینیانی میسر (( فیرعەونەکان )) هەر لەوکارانەوە بیرۆکەی ئەو پەیکەری ئافرەتەی کەمەشخەلی ئاگری بەدەستەوەبێت وەرگرت تا ببێتە منارەی کەناڵی سویس کەئەوکاتە کاری هەلکەندنی کەندالەکەی تیا دەکرا وبڕیاریش بوو ئەو پەیکەرە لەساڵی 1869 پەرەدەی لەسەر لابدرێت لەدەروازەی کەنالی سویس ، بۆ جاری دووەم بارتهۆلدی سەردانی میسری کردەوە لەساڵی 1869 وبیرۆکەکەی خۆی پێشکەش بەخدێوی ئیسماعیل دەسەڵاتداری میسر لەوسەردەمەدا کرد ، ئەمەش لەشێوەی پەیکەرێکی بچوکراوە وەك هەنگاوی پرۆژەیەك بەناوی ((میسر منارەی ڕۆژهەلاتە )) تاکو لەدەروازەی باشووری کەناڵی سوێس دانرێ ، لەگەڵ ئەوەی خدێوی ئیسماعیل لەسەرەتاوە زۆر هاندەری بیرۆکەکەش بوو وەك پرۆژەیەکی هونەری ، بەلام دواتر لەوهاندان وبیرۆکەیە

پاشگەزبۆوە وئەمەش بووە هۆی ئەوەی پرۆژەی پەیکەری ئازادی یەکەمجار سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت و چاوی




بەڕووناکی نەکەوێت .

بەلام ئەو بیرۆکەیە هەرلەمەژووی پەیکەرتاشی فەرەنسی بارتولدی هەردەهات ودەچوو ودەگەڕا بەدوای دەرفەتێك بۆ جێبەجێکردنی ، هەرلەو ئان وکاتەدا گروپێك لەبیرمەندانی فەرەنسی پێشنیاری ئەوەیان کرد کە پەیکەرێك مانای بیرۆکەی سەربەخۆیی وئازادی بدات بەدەستەوە وەك دیاری وخەلات بدرێتە گەلی ئەمەریکا ، ئەمەش وەك هێمایەك بۆ ئەو هاوکاری ویارمەتیانەی کە فەرنسا پێشکەشی ئەمەریکیەکانی دەکرد لەمیانەی جەنگی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەئەمەریکا ....بارتولدیش ئەم بیرۆکەیەی قۆستەوە کەئەوکاتە بەناوبانگێکی زۆری لەسەر ئاستی فەرەنسا پەیداکردبوو ، پرۆژەی کۆنی خۆی (( مەیسر مەنارەی رۆژهەلاتە )) ی پێشکەش کرد پاش ئەوەی چەند گۆڕانکاریەکی سادەوساکاری بەسەرداهێنا وبەناوی (( پەیکەری ئازادی لەنیویۆرك )) پێشکەش کرد ، هەرپاش ئەوەش بارتولدی لەسالی 1871 دا سەفەری کرد بۆ ئەمەریکا بۆ ڕازی کردنی بەرپرسانی ئەمەریکا بەبیرۆکەی پرۆژەکەی ، ئەوەبوو ڕەزامەندی تەواوی حکومەتی ئەمەریکای لەسەر بیرۆکەی پرۆژەکەی وەرگرت وبانگەشەی هەلمەتێکی پیتاك کۆکردنەوەی ڕاگەیاند بەهیوای دروستکردنی پەیکەرکە لەسالی 1875 وپاش بەردەوامبوونی ئەو هەلمەتە بۆ چەند سالێك ، لەسالی 1886 بەفەرمی پەردەلەسەر پەیکەری ئازادی لادرا ، لەوکاتەوە تائێستا هیچ کاتێك ئەو پەیکەرە نەشاردراوەتەوە لەنیگای بینینی بینەران تەنیا بۆ دوسالْ نەبێت ئەویش سالی 1984 تاکو 1986 ئەوەش بەمەبەستی چاکسازی ودروستکردنی چەند پێگەیەکی وا کەبەهێزتری بکات بۆ ڕاوەستان ومانەوە بەوشێوەیەی کەهەیە ... لەسالی 1986 دووبارە بەفەرمی لەیادەوەری 100 تێپەڕین بەسەر دانانیدا پەردە لەسەری لابرایەوە ، تاکو وەك هیمایەکی سەرتاسەری جیهانی بۆ ئازادی وسەربەخۆیی بمێنێتەوە لەبەر دیدوچاوی هەموو مرۆڤێك .



ئەو سەرچاوانەی سودی لێوەرگیراوە :

❋ ) Reaction in Paris to Liberty leaving for New York

❋ ) Idealists, Scoundrels, and the Lady: An Insider's View of the Statue of Liberty-Ellis Island Project by F. Ross Holland, Univ of Illinois Pr (Pro Ref), March 1993

❋ ) *The Statue of Liberty, Birth to Rebirth* by Sue Burchard, 1985, HBJ Publishers

*Restoring the Statue of Liberty* by Hayden, Despont, 1986, McGraw-Hill

Bartholdi and friends, 1887, at H.A. Spaulding's Paris Residence

بارتهۆلدی پەیکەرتاش ئەوەیە کە نمونەیەکی بچوکی پەیکەرەکەی بەرزکردۆتەوە ( وێنەی ساڵی 1887 )